## به ئامادەبوونی کۆمەڵێك لە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز یادی هەشتی مارس بەرز راگیرا



ڕۆژی 7 ی مارس کاتژمیر 1–4 پاش نیوەرۆ لە شاری سدنی بە بەشداری دەیان کەسی ئازادیخوازو هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و سۆسیالتسی و کۆمۆنیستی لە مەراسیمکی شکۆداردا یادی سەد ساڵەی هەشتی مارس، ڕۆژی خەبات و نارەزایەتی نیونەتەوەیی ژنان بەرز راگیرا.

سەرەتا بەرنامەکە لە لایەن چیمەن عارفەوە بە دەربرینی خۆشحاڵی و پیرۆز بایی لە ئامادەبوان  و ناساندنێکی کورتی ئەم ڕۆژە مەزنە و پاشان دەقەیەك وەستان و خوێندنی سرودی ئەنتەرناسیونال دەستی پی کرد.

پاشان وتاری کۆمیتەی سەربەخۆیی مەراسیم لە لایەن سەیران عارفەوە بە زمانی کوردی خوێنرایەوە. لە وتارەکەدا ئاماژە بە گرینکی ئەم ڕۆژە مێژووی یە درابوو، و هاوکات جەخت لەوە کرابۆوە کە سەڕەرای تێپەربونی سەدەیەك بەسەر ئەم ڕۆژەو خەباتی ڕێکخراوی ژنان بۆ بەدەست هێنانی ماڤی یەکسانی ژنان ،بەلآم هێشتا لەم سەردەمی گەشەی هەمە لایەنەی کۆمەلآیەتی و ئابوری و سیاسی کۆمەڵگای جهانی دا لە سەراسەری جهان بە شێوەو ڕێژەی جیاواز ژنان دەچەوسێنەوەو لە زۆربەی مافەکانیان بێ بەشن و بگرە لە زۆر شوێنی جهان لە سایەی دەسەلآتە قومی_ عەشیرەتی و دینی _ تایەڤی یەکاندا ژنان وێرای ئەوپەری بێ ماف کردنیان و سەپاندنی کۆنەپەرست ترین یاسا و داب و نەریت هاوکات  ئەوپەری توندو تیژی بەرامبەریان بەکار دێت تا ڕادەی کوشتن و تیرۆرکردنیان بە بەهانەی کۆنەپەرستانەوە. ئەمانە بە تایبەتی لە ولآتانی ئالودە بە دەسەلآتی ئیسلامی سیاسی، وەك ئیران و ئەفغانستان و عیراق و ولآتانی بەناو جهانی عەرەب و ئیسلامی.

پاش وتەی کۆمیتە وتەی کۆمەڵەی ژنانی عیراق لە ئوسترالیا لە لایەن لیلی محمدەوە  بەرپرسی کۆمەڵەوە بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرا. ئەویش ئاماژەی دا بە رۆڵ و نەخشی ئەم ڕۆژە لە ئاستی جهان و بارودۆخی ژنان بە تایبەتی لە عیراق دا .

لە بەشیکی تری بەرنامەکەدا سروە وەهاب پارچە شعرێکی سەبارەت بە تراژیدیای ژنان لە سایەی سیستەمی سەرمایەداری و پیاو سالاری دا خوێندەوە کە بووە مایەی سەرنج ڕاکیشانی تەواوی ئامادەبوان.

هەروەها برگەکانی تر بریتی بون لە خوێندنەوەی وتەی کۆمیتەی ئوسترالی_ عێراقی لە کرێکارانی عیراق لە لایەن لین سمسەوە کە پشتیویانی خۆی بۆ خەبات و ناڕەزایەتی کریکاران بە گشتی و بە تاییەتی ژنان لە عیراق دەربری.

پاشان وتارێك لە لایەن تاهیر نەسیمی بە زمانی فارسی لەسەر مێژووی هەشتی مارس خوێندرایەوەو ئاماژە بە ڕۆڵی هەریەك لە کلارا زتکین و رۆزا لۆکسەمبرگ و ئەکساندرا کۆلۆنتای بۆ ئەم ڕۆژە درابو.

برگەی کۆتایی بەرنامەکە خویندنەوەی پەیامێك بوو لە لایەن شەفا خان نوێنەری دەستەی ژنانی ئیرانی لە سدنی بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوەو هاوپشتی دەربڕین لە مەراسیم و سەرجەم بزوتنەوەی ژنان لە جهان.

ئەمانە وێرای خوێندنەوەی چەندین دروشم و خواستو هەواڵ و ڕاپۆرت لەسەر بارودۆخی ژنانی و بزوتنەوەی ژنان لە ئاستی جهان . هاوکات نیشان دانی فلیمێکی دۆکیمەنتی لەسەر بارودۆخی ژنان و بزوتنەوەی ژنان لە ئاستی جهان بە تایبەتی فلیمی دۆکمەنتی لەسەر ناڕەزیایەتی یەکانی ژنانی ئیران لە سەرەتای سالآنی هەشتاکان و لەسەروبەندی  سەپاندنی بڕیاری بەزۆری حیجابی ئیسلامی بەسەر ژنان لە ئیران و بەرپەرچدانەوەی ژنان بەم بڕیارەو پاشەکشەیەکی کاتی کۆماری ئیسلامی کۆنەپەرست لە بریارەکە.

بەشی دووەمی بەرنامەکە بریتی بوو لە سەماو شایی و هەڵپەرکی کە لە لایەن گۆرانیبیژ  وەلید تۆپراکەوە ڕازێنرایەوە.

بەم شێوەیە لە کەشێکی پڕ لە هەست  و ئایدیاو ئاسۆیەکی مرۆیی یەکسانیخوازی مەراسیم و ئاهەنگەکە کۆتایی هات و ئەم کۆمەڵە خەڵکە یەکسانیخوازە  پەیوەست بوون بە مارشە ناڕەزایەتی یە جهانی یەکانی ڕۆژی هەشتی مارسەوە.

بژی هەشتی مارس ڕۆژی خەبات و ناڕەزایەتی و هاوپشتی نێونەتەوەیی ژنان




**کۆمیتەی سەربەخۆی مەراسیمی هەشتی مارس لە سدنی_ ئوستراليا**

**2010-3-8**